مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەستی پیری لە شیعرەکانی هێمن موکریانیدا

Feeling of aging in the poetry of Hemn Mokryany

**مامۆستای یاریدەدەر پەروین عبدالله خضر**

بەشی زمانی کوردی / کۆلێژیپەروەردەی بنەرەتی / زانکۆی سەلاحەدین

**دکتۆر فەرهەنگ مەزەفەر مەحمەد**

بەشی زمانی کوردی / کۆلێژیپەروەردەی بنەرەتی / زانکۆی سەلاحەدین

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

الاستلام: 2018/6/27

القبول: 2018/9/17

النشر: خريف 2018

Doi:

10.25212/lfu.qzj.3.4.10

**الكلمات المفتاحية:**

*Poem, age, distance, feeling Kurd, Poets, individuals, society,*

**الملخص**

هه ستی پیری له شعره کانی هیمن موکوریانیدا دیارده یکی فیسۆلۆجیه به سەر مرۆڤ دیت ،ئه م دیارده یه کاریگه ری له سەرده روونی مرۆڤ دروست ده کات شعره کانی هیمن موکوریانی دابه ش ده بێت بۆدووقۆناغ یه کەم: شعره کانی سه رده می گه نجی : که شاعیرله چوارچیوه ی هه ستی نه ته وایه تی ده سوریته وه خۆشه ویستی نشتیمان باڵی به سه ر شیعره

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

*hope text , literary physiological*

.

كان كيشاوه.

دووەم:شعره كانی سه رده می پيری: شاعير ئاماژه به شيوه

ی پيری خۆی ده كات به چه ند دیارده یکی

فیسۆلۆژی له هه مان كاتدا له گه ل ئه ودیاردانەش ده ژيت كه له سه رده می گه نجی فه رامۆش كردوه

**پێشەكی:**

پیری دیاردەیەكی فیسیۆلۆجیە هەموو تاكێك ئەگەر تەمەن مەودای بدات دەیگرێتەوە.

پیری هەر ئەم دیاردە فیسیۆلۆجیە نییە، كە ڕووت تێبكات پاش بڕینی مەودایەكی درێژی لە مەودای ئاڵۆزی تەمەن بیگەیتێ، بەڵكو هەستی پیری و هەستكردن بە پیری لای تاكی كورد، یاخود لای شاعیر لە ئەنجامی ئاڵۆزی باری ژیان و ئەو نەهامەتیانەی كە ڕوو لە تاك یان كۆمەڵ دەكات و نائومێدی باڵی بەسەر دەكێشی و دروست دەبێت. ئەم دیاردەیە لەناو دەقی ئەدەبی ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستە دەبێت لەم تۆژینەوەدا جەخت دەكەینە سەر شیعرەكانی شاعیر هێمن موكریانی لە گۆشەی جیاواز دەیخەینەڕوو.

**تۆژینەوەكەمان لە بەشی یەكەم:**

باس لە (چەمكی پیربوون، بەساڵاچوون، پیری چییە؟، تەمەنی پیری، نیشانە جەستەییەكانی پیری، خەمۆكی تەمەن وەك (كاریگەری دەروونی پیری لەسەر تاك)، پیری لای تاكی كورد).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەشی دووەم:**

باس لە سەردەمی گەنجی شاعیر دەکەین، هەستی پیری لە شیعرەکانی سەردەمی پیری لای شاعیر دەکەین.

ئەو ڕێبازەی کە بە کارمانهێناوە ڕێبازی (مێژوویی یە ) لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانەی پێگەیشتووین و سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

## دەروازەیەك بۆ چوونە ناو بابەتەکە

ساڵی 1990 ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی کردەوە کە بە پێی ئامارەکان زیاتر لە نیو میلیارد مرۆڤی بەساڵاچوو لە جیهاندا هەیە کە نیوەی زیاتری ئەم ڕێژەیە لە ئاسیا و بەتاییەتی لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەو بەشە لە جیهان و بەتاییەت لەو بەشانەدا کە باری ئابووریان لاوازە، نیشتەجێن[1]. تا ئێستاش بەهۆی گیرۆدە بوونی مرۆڤ بەم دەردەوە، هەروەها ناسین و بەرەنگاربوونەوەو هەوڵدان بۆ خۆ لەدەست ڕزگارکردنی، دەروونناسان دەستیان داوەتە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەم چەمکە و ڕاڤەیان کردووە. پیری حاڵەتێکی فیسیۆلۆجی واتا جەستەییە کە لە دەرەوەی توانای مرۆڤ دایە و ئەم گۆڕانە بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم دروست دەبێت و نیشانەکانی دەردەکەون. لەناو مرۆڤەکاندا شاعیرەکان بەشی هەستیاری کۆمەڵگان و بە هەستێکی ناسك دەڕواننە ڕووداوەکان، هەمیشە شێوە دەربڕینێکی جیاوازتریان هەیە، جا ئەم دەربڕینە لە بەرانبەر ڕووداوێکی دڵتەزێنی وەك پیریدا هەڵبەتە جیاوازتر دەبێت و ئەمەش بۆتە هۆی درووستبوونی شیعرگەلێکی زۆر لەمەڕ پیرییەوە لەلای شاعیران و شاعیرانی کوردیش لەم مژارە بێبەش نین: لەناو شاعیرانی کورددا ((هێمن موکریانی)) بەهۆی تەمەنێکی پڕ هەوراز و نشێو و تێکەڵاوی لەگەڵ خەباتی ئەو سەدەیە لە گەلەکەی و هەروەها ئاوارەیی و کلۆڵی و دووری لە خێزان

[1] صور للنساء يتدمن فی السن، توتی شيلدون، ت: عبدالجبار الاتروشي، ص5.

و...هتد، خامەکەی زۆر جاران لە پیری دواوە و گەلێك شاكاری لەم بارەوە هۆنیونەتەوەو دیوەخانی شیعر و ئەدەبی کوردی پێ نەخشاندووە.

## چەمکی پیربوون

پیری کە بە ئینگلیزی (Aging – Senescence) و بە فارسی (پیری یان سالخوردگی) و بە عەرەبیش (هرم – کبر سن – المسن)ی پێدەوترێت، وشەیەکی ئاشنایە، لە هەمانکاتیشدا واتایەکی گران و ترسێنەری هەیە. لەسەر پیری و هۆکارەکانی بەتایبەتی لە دوو ڕووی پزیشکی و دەروونزانییەوە، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی زۆر کراوە، شاعیرانیش شیعر و پەخشانیان بۆ هۆنیوەتەوە. ((دەروونناسەکان، زۆربەی کات سەردەمی پیری وەك سەردەمی نوشوستی ناوزەد دەکەن))[2]. کەسانی پیر یان بە ساڵاچوو لەگەڵ کۆمەڵێك لاوازی جەستەیی و هەروەها بێبەشی کۆمەڵایەتی بەرەو ڕوون کە بە ناچارییەوە دەبێت و خۆیان لەگەڵ بگونجێنن. لەم سەردەمەدا، هێز و بڕست و تەندروستی جەستەیی دادەبەزێت و هەروەها بەهۆی خانەنشین بوونەوە، لە داهاتیان کەم دەبێتەوە و هێور هێور پەیوەندیان لەگەڵ هاوسەر و منداڵ و کەسانی دەوروبەریاندا کەم دەبێتەوە. ((بەهۆی ئەم زیانانە کە بەهۆی چوونە سەری تەمەنەوە ڕووبەڕووی بەساڵاچووەکان دەبێتەوە، پێگەی کۆمەڵایەتیشیان لەدەست دەدەن و هەروەك لە وڵاتی ئەمەریکاش زۆر بەدی دەکرێت، هەستی ناچالاکی "بێ کەڵك بوون" بەسەریاندا زاڵ دەبێت))[3]. ئەم ڕووداوانەی کە بەسەر بەساڵاچووان دادێتن ڕووداوێکی فیسیۆلۆژییە.

چەمکی پیری شتێکی زیاترە لە بەساڵاچوون. لەوانەیە پیری بە هێوری یان بە خێرایی، وردە وردە یان لەپڕ ڕووبدات. ((پێدەچێت هەندێك کەس هەنگاو بە هەنگاو و بە جوانی بەرەو پیری هەنگاو دەنێن و هەندێکی تریش یەکجێ و بەهۆی هەڵکەوت و ڕووداوێکی ناخۆش، جا چ ڕووداوەکە خەیاڵی بێت یان ڕاستی، لەپڕ و لەناکاو پیر دەبن. جیا لەوەی کە پیری چۆن ڕوودەدات و کەی،

---

([2]) سیکولوجیة المسنین، جزء سادس، د. سعد ریاض، مصر، 2006، ص9.

([3]) کرین، ویلیام کریستۆفر، تیۆرییەکان گەشە و واتا و بەکارهێنانیان، غولام ڕەزا خۆیی نەژاد و عەلی ڕەزا ڕەزایی، تاران، رشد، 1384، چاپی یەکەم، ل374.

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6558 (Print) - ISSN 2518-6566 (Online)

ڕووداوێکی خۆ لێ نەبواردراو و چارەنووسێکی گشتییە))[4]. ئێمە وەك مۆرڤ بمانەوێت یان نا، بەپێی سروشتی خواپێداومان هەردەبێ بەرەو ڕووی پیری ببینەوە مەگەر ئەوەی کە لە تەمەنی لاوێتی یان مندالّیدا بەرەو پیری گلار ببینەوە.

((دەروونناسەکان لەم سەردەمانەی دواییدا تێکۆشاون وێنەیەکی خۆشبینانە لە پیری بخەنەڕوو. ئەوان وێڕای ئەوەی کە هەندێك لە گێرەو کێشەکانی سەردەمی پیری و بێ بەشییەکانی ئەم سەردەمە لە ژیانیان قەبووڵ کردووە و بە هەندی وەردەگرن، لە هەمانکاتدا لەسەر ئەم بڕوایەن کە تەمەنی پیری دەتوانێت ئاوێتەی خۆشی و ڕەزامەندی بێت و ئەگەر تاکی پیر بتوانێت و بیەوێت بەشێوەیەکی چالاکانە لەگەڵ ژینگەی خۆیدا هەڵسوکەوت بکات، ئەوا دەتوانێت ئەزموونگەلی نوێ بێنێتە کایەوە))[5]. ئەوەی کە حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە پەرەسەندن و گۆڕانکاری تا کۆتاییەکانی تەمەن و هێمن گوتەنی تا کاتی کەوتنە ئاویلکە بەردەوامە و ئەگەر مرۆڤ لە کۆتا ساڵەکانی تەمەنیدا شاهیدی دابەزین و نزمی تواناییە جەستییەکانیەتی، سەرەڕای ئەوەش بە بەردەوامی توانایی و حەزی کۆنترۆڵ و دەستەمۆکردنی ژینگەی خۆی ڕادەگرێت و سەرەڕای لەدەستدانی هەندێك لە خۆشەویستەکانی، هێشتاش پێویستی بە خۆشەویستن و خۆشەویست بوون و ڕێز لە لەشیدا هەر زیندووە.

### بەسالاچوون (پیری) چییە؟:

لە ڕوانگەی زمانییەوە، پیری ناوی واتاییە ،ئاوەڵناوە لەگەڵ (ی )ناوی واتایی دروستبووە لە وشەی (پیر) وەرگیراوە، پیری جۆرێکە لە گۆڕانکاری ساڵ بەدوای ساڵ بەسەر تەمەنی مرۆڤدا و هەروەك گوتراوە (ئاوی ناسازگار ئەو ئاوەیە کەوا ماوەیەکی زۆری بەسەرداچووە و ناچالاکە و تام و ڕەنگی گۆڕاوە). ((د. سعد ریاض وای بۆ دەچێت کە لە زمانی عەرەبیدا وشەی پیری (المسن) واپیدەچێت کە لە وشەی الأسنان واتا ددانەوە هاتبێت))، چونکە نزیکییەك هەیە لە نێوان ئەم دوو وشەیە، بەهۆی

---

([4]) تاقمێك نووسەر، دەروونزانی پیری، نورەددین ڕەحمانیان، تاران، چاپی ئاگاە، 1364، چاپی یەکەم، ل602.

([5]) کرین، ویلیام کریستۆفەر، تیۆرییەکانی گەشە و واتا و بەکارهێنانیان، غولام ڕەزا خۆیی نەژاد و عەلی ڕەزا ڕەزایی، تاران، رشد، 1384، چاپی یەکەم، ل374.

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی کە ددان، سەرەتا سپی و جوان و بەهێزە، بەڵام دواتر وردە وردە ئەو ڕەنگ و دوانی و بەهێزییەی لە دەست دەدات))[6]. بەڵام ئەم بۆچوونە دوورە لە ڕاستی، و لە ڕاستیدا وشەی (المسن) لە هەمان وشەی (السنة) بە واتای ساڵ دێت.

بەساڵاچوون بریتییە لە : ((قۆناغێکی دیاریکراو لە تەمەن کە تیایدا تاك دەچێتە قۆناغێکی پیری و ناتوانێت وەکو پێشتر تەواوی پێداویستییەکان خۆی دابین بکات، بۆیە پێویستی زۆری بە کەسانی دەوروبەر دەبێت))[7]. هەروەك لەم پێناسەیەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا پیری قۆناغێکە لە قۆناغانی تەمەن کە بە شێوەیەکی سروشتی لەم قۆناغەدا تاك توانا و وزەی بە شێوەی ئاسایی نامێنێت و لاواز دەبێت و ناچار بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی پەنا بۆ دەوروبەر دەبات و لە ڕێگەی کەسانی ترەوە کاروبارەکانی ڕادەپەڕێنێت و ئەم پێداویستییەش بۆ زۆربەی بەساڵاچووان سەرچاوەی ئازار و لەخۆ بێزاربوونە.

**دیاردەی تەمەن**

بە تەماشاکردنی مرۆڤێك و لێوردبوونەوە لە سەر و سیمای، دەتوانێت تەمەنی بخەمڵێنیت و بڵێی ئەم مرۆڤە ئەوەندە ساڵانە، جاری واش هەیە هەرگیز نێزیکیشی ناکەویتەوە و بە هەڵە بۆی دەچێت، چونکە زۆرجار لە باوانەوە مرۆڤ بۆی دەمێنێتەوە و زوو سەری سپی دەبێت. ((هەندێك مرۆڤ بە سەر و سیمادا، تەمەن کاریان تێناکات و گەورەیی و چوونە نێو ساڵەوەیان پێوە دیار نییە و هەندێکی تریش، هەر لە تەمەنی لاویدا ئیدی مووی سپی سەر و سمێڵ و چرچ و لۆچی دەم و چاو و مل و نیشانەکانی دیکەی پیرییان پێوە دیارە))[8]. ئەو نیشانانەی لە لەش و جەستەی مرۆڤدا دەردەکەون، مرۆڤ وەك پیر یا لاو، نیشاندەدەن، بەڵام ئەو نیشانانە، ناوەوەی مرۆڤ، هەستی، دەروونی، بیرکردنەوەی، دیدی، خواست و ئارەزووەکانی، ئومێد و داهاتووی، هیچیان نیشان نادەن. ئەوە بەو واتایەیە کە ((تەمەنی زەمەنی (ڕۆژژمێری)، بۆ زانین و دەستنیشانکردنی تەمەنی کردەیی یان

(6) سيكولوجية المسنين، جزء سادس، د. سعد رياض، مصر، 2006، ص13.

(7) عەبدوڵلا عوسمان، ماڵپەڕی www.drunnasy.org .

(8) برك، لۆرا ئای، دەروونزانی گەشە، یەحیا محەمەدی، تاران، چاپخانەی ئەرەسباران، 1385، چاپی پێنجەم، ل291.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شایستەیی و لێهاتوویی و کرداری ڕاستەقینە، نیشانە و پێوەرێکی تەواو نییە))[9]. هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە، مرۆڤەکان لە ڕووی بایۆلۆجییەوە بە ڕیتمێکی جیاواز بەرەو پیری هەنگاو دەنێن، پسپۆڕەکانی ئەم بوارە جیاوازی دادەنێن لە نێوان ئەو بەساڵاچووە تێکشکاوانەی کە نیشانەکانی لاوازبوون لەخۆیان دەردەخەن و ئەو بەساڵاچووە پیر-گەنجانەی کە لە باری جەستەییەوە، لە چاو تەمەنیان گەنجتر دێنە بەرچاو.

هەرچەند ناتوانین هیچ تەمەنێك بە دڵنیاییەوە بە تەمەنی پیری و سەرهەڵدانی ئەم خولە لە ژیان دەستنیشان بکەین، بەڵام دەروونناسان تەمەنی پیری لە نێوان 60-65 ساڵی بە تەمەنی دەسپێکی پیری دەزانن. هەرچەند هیپوکراتی فەیلەسوف (377-460) سەبارەت بە پیری دەڵێت: ((پیری لە دوای 56 ساڵییەوە دەستپێدەکات و نیشانەکانی ئەمانەن: کەمبوونی ئارەزووی خواردن، هەناسە سواری، کۆخین، ئازاری مل و چۆك و لەرزینی دەستەکان))[10]، کەواتە بە بڕوای هیپۆکرات هەر کەس ئەم نیشانانەی تێدا بەدی بکرێت ئەوا بە پیری و بەساڵاچوو لە قەڵەم دەدرێت.

شەکسپیر دەڵێت: ((تەمەنی مرۆڤ حەوت بەشە، کە دوو بەشی کۆتایی بۆ پیرییە کە تێیدا مرۆڤ گۆڕانی فیزیایی جەستەیی بەسەر دادێت و خاو و سست دەبێت و پێستی چرچ و لۆچ دەبێت و هەروەها هەستەوەرەکانیشی لاواز دەبن))[11].

وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد پیری لای زۆربەی بیرمەندان و خەڵکی لە ڕووی تەمەن و قۆناغێکی ژیان و هەروەها ڕوودانی هەندێك گۆڕانکاری دەرەکی و ناوەکی و جەستەیی لە دیمەنی مرۆڤدا پێناسە دەکرێت و دەناسرێتەوە، هەڵبەت ئەوە تەنیا تەمەن نییە کە دەتوانێت ئەم گۆڕانکارییە جەستەییانە دەستەبەر بکات، بەڵکو هەندێك هۆکاری ژینگەیی و شوێنی ژیان و بارودۆخ و سەردەمی ژیان و گۆڕانکارییەکان وەك شەڕ و ...هتد، دەتوانن ببنە هۆکاری پیری زووتر لەم تەمەنی کە زۆربەی بیرمەندان و دەروونناسان لەسەری کۆکن.

---

(9) سەرچاوەی پێشوو، ل293.
(10) ماڵپەڕی www.kawanatiyroz.com .
(11) سەرچاوەی پێشوو.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پیری لای تاکی کورد:

تاکی کورد بەدەر نییە لە تاکەکانی تری کۆمەڵگا جیهانییەکان سەردەمێك لە سەردەمانی ژیانیدا گیرۆدەی پیری دەبێت و هەست بە پیری دەکات. لای مرۆڤی کورد، تەمەن دەڕوا و ناگەڕێتەوە، قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ژیان، لە مێژوو فەرهەنگێك لە یاداشت و بیرەوەری مێژووی دێرینی گەل، ڕەشملێك لە بەیت و بالۆرە و حەیران و خەروارێك لە پەند و عیبرەت و قسەی نەستەق، خەرمانێك لە کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی، ئەشیفێك لە پاراستنی داب و نەریتە جوانەکانی ڕابردووی نەتەوە، پریاسکەیەك لە یادە تاڵ و شیرینەکانی ژیان، کەشکۆڵێك لە خەم و نەهامەتییەکانی مرۆڤ، هەگبەیەك لە خەمی نیشتیمان، تۆمارێك لە تراژیدیا و کارەسات، تەمەنێك لە قۆناغە سەروەرییە پڕ لە شانازییەکانی مرۆڤ ((پیریش.... هەستکردن بە دابڕان و نامۆیی، شانازیکردن بە ڕابردوو، ترس لە ژیانی تەنیایی و مردن))[12].

لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، وەك زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە هەڵومەرج و دۆخی ئابووری، ڕامیاری و جوگرافی و نەتەوایەتی دژواریان هەیە بە پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی کە بواری جوگرافی و ڕامیاری و تەندروستی و...هتد، پێشکەوتوویان هەیە، مرۆڤی کورد زووتر پیر دەبێت و نیشانەکانی پیری لێ بەدیار دەکەوێت و یان هەر چ نەبێت زووتر هەستی پیری بەسەریدا زاڵ دەبێت. چەند هۆکارێك هەیە هەستی پیری لای دروست بێ:

### یەکەم: هۆکاری ڕامیاری ین سیاسی:

کورد مێژووییەکی پڕ لە چەوسانەوەو نەحەسانەوەی هەیە مێژوویکی تاڵی هەیە هەردەم لە بەرەنگاری ڕووبەڕووی خەمی جۆراو جۆری نەتەوایەتی و تاکە کەسی بووەتەوە. نسکۆی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و ئەنفال و زیندەبەچاڵ و کۆڕە و کیمیاباران دەستیان داوەتە دەست تاکی کورد زووتر دیاردەی پیری لێوە بەدەرکەوێت، زووتر پیر بێت زۆرجار لە سەدەمی گەنجیدا هەست بە پیری دەکات و ئەم هەستەش لەناو حەیران و بەیت و گۆرانی و ئاوازەکانیدا ڕەنگ بداتەوە.

---

([12]) ئەحمەد حەمە جاف، http://halabjainfo.info/jaff/eurutaman.html .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: هۆكاری ئابووری:**

ئەم هۆكارەش زۆر بەستراوەتەوە بە هەڵومەرجی سیاسی و جوگرافیایی كوردستان و ژینگەی كورد كە لە ئەنجامدا وایانكردووە كورد لە ئابوورییەكی لاواز بەهرەمەندبێت و هەڵسووڕانی بارودۆخی ژیانی ئاوێتەی تەنگ و چەڵەمەیەكی زۆر بێت. مرۆڤی كورد زۆرتر خەریكی شوانی و مەڕداری و ژیانی وەرزێڕی بووە و دەرفەتی گەڕان بە شوێنە جیاوازەكاندا و دونیاگەڕی زۆر بە كەمی بۆ نەڕەخساوە و ئەمەش بووەتە هۆكاری پیری یان هەست بە پیری كردن لە ناخی خۆیدا.

**سێیەم: هۆكاری جوگرافی:**

كەش و هەواو بەرزو نزمی هۆكارێكی بەهێزە ((كوردستان ناوچەیەكی شاخاوییە و ئاو و هەوایەكی لە زستاندا سار و بە هاوینان گەرمی هەیە))[13]. لە ڕابردوودا و بگرە ئێستاكەش لە هەندێك شوێنی كوردستان هاتووچۆ زەحمەتە و پەیوەندییەكانی پچڕۆكن، ئەم سروشتە و هەڵكەوتە جوگرافیاییە تایبەتەی كوردستان هەرچەند لە بواری ستراتیژیكەوە هەندێك باری ئەرێنی خۆی هەیە، بەڵام لە هەمانكاتدا كاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندی كۆمەڵایەتی و دەستڕاگەیشتن بە كەلوپەل و داو و دەرمان هەیە كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پیری زۆرتر لەكاتی خۆی بۆ مرۆڤی كورد بەدیاری هێناوە.

**چوارەم: هۆكاری تەندوستی :**

دەستڕاگەیشتن بە چارەسەری پزیشكی لەكاتی پێویستدا و هەروەها هەبوونی كەلوپەلی گونجاوی تەندروستی و پێشكەوتوو بوونی سیستەمی تەندروستی وڵات و خواردنی تەواو و تەندروست دەتوانێت پیری دوابخات و تەمەنیش ببات. لە سەردەمی ئێستادا و بە پێشكەوتنی زانستی پزیشكی سوودمەندی خواردنەكان و كەڵكیان لە بردنەسەری تەمەن و دواخستنی پیری ئاشكراتر دەبێت بۆ نموونە لێكۆڵینەوەیەك دەریخستووە كە ((میوەی قۆغ سەرچاوەیەكی دەوڵەمەندە بە دژە تۆكسانەكان و بەهۆی ئەو ڕادیكاڵە سەربەستانەی كە لە ئەنجامی هەڵمژینی هەوای ڕۆژانە و خواردنەوەی ئاو و هۆكارەكانی دیكەی وەك خۆراكی ناتەندروستەوە توشمان دەبن و سەرئەنجام

---

([13]) (كردستان – جغرافیای كردستان) www.wikipedia.org .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبن هۆی زیانگەیاندن بە تەندروستی و خێراکردنی کرداری پیربوون، میوەی قۆغ یارمەتیدەرێکی ئێجگار بەسوودە لەو ڕووەوە))[14].

لە کوردستاندا و بەهۆی درەنگ پەیدابوونی سیستەمی تەندروستی و هەبوونی نەخۆشی زۆر و ئەستەم و هەروەها نەبوونی دارێژەیەکی تیروتەسەلی خواردن، خەڵکی زووتر بەرەو پیری هەنگاوی ناوە و لە زووەوە پیری بەسەر رووخساریدا نیشتووە.

**خەمۆکی تەمەنی پیری (وەك کاریگەری دەروونی پیری لەسەر تاك):**

خەمۆکی هەر لە سەرەتای هاتنی مرۆڤ و پەیدابوونی لەسەر ئەم گۆی زەوییە هاوڕێ مرۆڤ بووە و زۆر نەخۆشی و ڕووداوی دەروونی و جەستەیی دڵتەزێنی لێکەوتۆتەوە، کە ئەمەش بەهۆی هەندێك ڕووداو لە ژیانی ئاساییماندا دێتە ئاراوە وەك: ((لەدەستدانی کەسانی نزیك و خۆشەویستمان، نەخۆشی جۆراوجۆر و تێکچوونی سیستەمی تەندروستی لەش و.... تاد))[15]. وەك ئاماژەی پێکرا گۆڕانکاری تەندروستی و هەڵومەرجی ژیان لە تەمەنی پیریدا (بەساڵاچوو)، ڕەنگە فشار لەسەر تەندرستی دەروونی دابنێت هەر بۆیەش کەسی پیر و بەساڵاچوو پێویستی بە یارمەتی زیاتر و وابەستەیی بە کەسانی ترەوە و خەفەت و وازهێنان، پێویستیان بە هێزی گیانی هەیە. زۆرجار خەمۆکی بە ساڵاچووان پەیوەندی بە لەدەستدانی کەسانی نزیك و خراپبوونی باری تەندروستی خۆوە هەیە. هەروەها تەنهایی، تەندروستی دەروونی زۆرێك لە بەساڵاچووان هیلاك دەکات.

خەمۆکی بەساڵاچووان بە ئاسانی هەستی پێناکرێت، چونکە ئەو نیشانانەی پەیوەستن بە خەمۆکییەوە، وەك خراپی خەو، ماندوێتی و کەمبوونەوەی خواردن، بەگشتی بە گۆڕانکاری سروشتی بەساڵاچووان دادەنرێت. لەلایەکی ترەوە، بەساڵاچوو کە هەستکراوە نەخۆشی فەرامۆشی بوویێت، بەشێوەیەکی بەرچاو چاکبووە لە پاش ناسینەوەو چارەسەری خەمۆکییەکەی. دابڕاوی، ئێشی

(14) ماڵپەڕی خەندان، وەگێڕان لە تورکییەوە هاوڕێ تۆفیق، http://xendan.org/drejam.aspx .
(15) عرفان ترابخانی، استرس وعلل ان، 1383، وب لاگ شخصی به نشانی http://nikkhooy.persianblog.ir .

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیارینەکراو سەرلێشێواوی گرفتی بیرچوونەوە، دەکرێت لە پاڵ نەخۆشییەکی تردا پەیوەندی بە خەمۆکیشەوە هەبێت.

## بەشی دووەم

### سەردەمی گەنجی:

(هێمن)* ی شاعیر لە سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریدا، لە گوزەرانێکی باش ژیاوە، کوڕەکەی شێخەلئیسلامی بەناوبانگ، لە بنەماڵێکی دەوڵەمەند و نەجیب زادەدا دەژیت، بەڵام شاعیر هەر لە تەمەنێکی زووەوە هەست بەو جیاوازیانەی نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکان دەکات و ئەوەی کە ئەو لە بنەماڵەیەکی خوا پێداوە و ناشێ لەگەڵ هاوتەمەنەکانی هەڵسوکەوت و یاری بکات، کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەکانی دەبێت، هەروەکو خۆی دەڵێت: ((گەورەکانم تێنەدەگەیشتن من چەند پەرێشان و کەلەلام، ئەوان نەیاندەزانی بەو ڕێگریانە چەند هەستی من بریندار دەکەن، برینێك کە دەبێتە گریمانەی روحی و تا مردن سارێژ نابێ))[16]، هێمنی شاعیر تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری بە ئاسایی و وەکو منداڵەکانی تری هاوتەمەنی بەڕێ ناکات و پاش ئەوەی باوکی لە تەمەنی هەرزەکاریدا هێمن دەنێرێت بۆ گوندی کولیجە و لەوێ لای مامۆستا مەلا فەوزی، ساڵ و نیوێك دەرس دەخوێنێت، شارەزاییەکی باش پەیدا دەکات لە هەموو بوارەکانی خوێندنیدا، ((هێمن خۆی دەڵێت: فەوزی

---

* سەید محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامی موکری، کە زیاتر بە ناسناوی هێمن ناسراوە، لە شەوی 4 لەسەر 5ی مانگی 5ی ساڵی 1921، لە گوندی لاچینی (نزیك مهاباد) هاتۆتە دنیا، سەید حەسەنی شێخولئیسلامی باوکی هێمن، یەکێك بووە لە نەوەکانی مەلا جامی چۆڕی و ئەو بنەماڵەیە سێ سەد ساڵێك دەبێ لە مهاباد دەژین، زەینەبی دایکی هێمن، لە بنەماڵەی شێخی بورهانی ناوداری موکریانییە. ئەو خێزانە حەوت منداڵیان دەبێ، بەگوێرەی تەمەن هێمن کوڕی دووەمی ئەو بنەماڵەیە بووە. هێمن لە 1946/11/16 لەگەڵ کچە خاڵی خۆی بە ناوی ئایشە زەماوەند دەکات و خێزان پێکدێنن، بەرهەمی ئەو هاوسەرگیریە کوڕێك دەبێت و ناوی دەنێن سەڵاح، مانگێك دوای زەماوەندی هێمن، کۆماری کوردستان دەڕوخێ. لەو ڕۆژەوە تاڵی و سوێرییەکانی هێمن دەستپێدەکا و تا دەمی مەرگیش لێی جیانابنەوە و بە ئاواتی ئازادی بۆ کوردستان سەردەنێتەوە لە شەوی 18ی نیسانی ساڵی 1986، بە نەخۆشی وەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد. تەرمی هێمن لەناو ئاپۆڕای نیشتمان دۆستان و هونەرپەروەران، لە شاری مهاباد و لە گۆڕستانی شاعیرانی ئەم شارە بە خاك ئەسپێردرا. (سەرچاوە: هێمن نامە، د. عوسمان دەشتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2009، ل143.

(16) هێمن، بارگەی یاران، سەرجەمی شیعری هێمن، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2006، ل13.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵیوەشاندمەوەو تێکی هەڵشێلام و دروستی کردمەوە))[17]. لای فەوزی هەستی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی لە دڵی هێمندا چەکەرەی کرد و فێری نووسینی کوردی کرد و وای لێکرد، لێزانێکی زۆر شارەزا بێت لە نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردیدا. کە وەك بۆمان دەردەکەوێت هێمن ئەو کوردی زانینە لای مەلا فەوزی فێربووە و قەرزداری ئەوە، ئەم کوردی زانیەی هێمن موکریانی و خڵە مین لە سەردەمی کۆماردا، گەوهەرێکی گرانبایی بۆ فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی کوردی، بە جۆرێك کە تێکڕای شاعیران و نووسەرانی سەردەمی کۆمار نووسین و خوێندنی کوردی لای ئەم دوو بلیمەتە فێربوون.

هێمنی شاعیر هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵەی (ژ. ك)، بەشدار دەبێت و پلەی ئەندامێتیشی لەناو کۆمەڵەدا دەبێت، هێمن ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵە دەبێت و هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوە خۆشەویستی لەلای گەلاڵە دەبێت و هەر زوو بە شاعیری گەل دەناسرێت.

لە هەرەتی لاوەتی و لە کاتی خزمەتکردن بە کۆمەڵەی (ژ. ك)، هێمنی شاعیر جگە لە کوردپەروەری و نیشتمان دۆستی و قوربانیدان لە پێناو وڵاتەکەیدا بیری لە هیچ شتێك نەکردووەو بەشی هەرە زۆری شیعرەکانیشی کە سەرەتای گڕوگاڵی ئەزموونی شیعری ئەو بوو، بە دەوری ئەو مەبەستەدا دەسووڕایەوە.

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن
ئــــاشقی چــاوی کـەژاڵ و گـەردنـی پـڕ خـــاڵ نیـــم
ئـــاشقی کێــو و تــەلان و بــەنــدەن و بــەردم ئــەمن

خۆشەویستی هەستی نیشتمانپەروەری بۆ نیشتمان، وا دەکات لە تەمەنی بیست و یەك ساڵیدا، لە نێو حەسرەت و دەرد و ئازاردا، خۆڕاگر بێت و بەرانبەرخەڵکی سپڵەی ڕۆژگار و تەنانەت لە پێناو

(17) هێمن نامە، د. عوسمان دەشتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2009، ل144.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دارو بەردی نیشتمانەکەیدا، بیر لە چاوی کەژاڵ و گەردەنی پڕ خاڵ نەکاتەوەو تەنیا ئاوێتە و دەستەملانی بیری نیشتمانەکەی بێت. ئەم بیرکردنەوە چڕە لە نیشتمان، لە شیعری (تۆم هەر لە بیرە)دا زۆر بە ئاشکرا و بە ڕوونی دەردەکەوێ کە دەڵێ:

زەمانێکی کە دەچمە سەیری گوڵزار
لەگەڵ پۆلی ڕەفیقانی وەفادار
تەنانەت وەختی دەستبازی لەگەڵ یار
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

شاعیر کاتی گەشت و سەیران لەنێو گوڵ و گوڵزار و کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ دۆست و هاوڕێکانی و تەنانەت ئەوکاتەی کە ئاوێزان و دەست لەملانی گراوەکەیەتی و خەریکی دەستبازی لەگەڵ ئەویشە، ناتوانێت بۆ چرکەساتێکیش بێت هزری نیشتمان بزڕێ و لەبیر و هزری خۆیدا هێلانەی لێ بشێوێنێت بەڵکو هەر لە بیری نیشتمانە و ئەم بیرکردنەوەشی تا ئەو ڕادەیە درێژە دەکێشێ کە ئامادەیە ژیانی خۆی تەرخان بکات لە پێناو نیشاماندا و ببێتە شاعیری ئیشق و ئازادی.

دەکەم تەرخان لە ڕێی تۆدا ژیانم
لە سەنگەردا بەرەو ڕووی دوژمنانم
بە خاکی تۆ! دەمی ئاویلکەدانم
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە[18]

[18] مامۆستا هێمن موکریانی، دیوانی هێمن، ل109.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە تافی لاوێتیدا هەست و هزری نیشتمانپەروەری شاعیر هێندە بەهێزە کە دژی ئاغا و دەرەبەگ و کاربەدەستی قەڵس و لاسار و نیشتمان فرۆش دەوەستێتەوەو لە شیعری (ئەمن دەیڵێم بێ باکم)دا دەڵێ:

ئـــەوەی ئـــاغا بـێ بێـکـاره
جەبوون و قەڵس و لاساره
دزی و ڕێـگـرتـنـی کــــاره
ئـەمـن دەیـڵێـم و بێ بــاکم[19]

هەر لە درێژەی هەمان شیعردا، ئاماژە بە زوڵم و زۆرداری ئاغا و دەرەبەگەکان دەکات و وێرانی و خاپووری وڵاتیش بە سووچی وان دەزانێت، بە شێوەیەك کە دوژمنی بێگانەی پێ لە ئاغا و دەرەبەگەکان باشترە.

لەبەر زوڵم و جەفای وانە
وەتــەن یــەکبــارە وێـرانــە
هــەزار خۆزگەم بە بێگانە
ئـەمـن دەیڵێـم بـێ بــاکم[20]

هەروەك لەو نموونانەی سەرەوەدا بە ڕوونی دیارە، بەر لە دامەزراندنی کۆمار و لەکاتی دامەزراندنی کۆماریشدا هێمن جگە لە واتای شیعری نیشتمانپەروەری، زۆر کەم واتای تری لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێ.

---

[19] سەرچاوەی پێشوو، ل99.
[20] سەرچاوەی پێشوو، ل101.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێمن لە هەرەتی لاویدا، گەنجێکی بێ باك بوو کە بە سەرنجدان بە بیری نەتەوایەتی بەهێزی تەنیا و تەنیا لە هزری نیشتمان و گیانبازی لە پێناوی دابوو، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا هەبوو، کە تێیاندا هێمن تەنانەت بە دژی خزم و ئاغاکانی خزمی خۆشی وەستاوەتەوەو بێ باکانە شیعری بە دژی نیشتمان فرۆشی ئاغاکان و دەرەبەگەکان گوتووە.

**هەستی پیری لە شیعرەکانی سەردەمی پیری هێمن موکریانیدا:**

ئەو ئازارەو نەهامەتیانەی کە بەرۆکی کوردستانی گرتبوو یەکە یەکە کاریگەری لەسەر هەستی شاعیر دیاری دەکات لەوانە رووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوای کورد، قازای محەمەد و هاوڕێکانی و ئاوارە بوونی خۆی و هەڤاڵەکانی، کاریگەرییەکی روحی و جەستەیی گەورەی لەسەر جێدێڵن، دەتوانین بڵێین هەموو ئازار و مەینەتی و دەربەدەری و تفت و تاڵییەکانی ژیانی هێمن، لە دوای رووخانی کۆماری کوردستانەوە دەست پێدەکەن، تاڵی و سوێری ڕۆژگار و هەوراز و نشێوی ژیان و دووری لە زێد و ئازیزان، بەجۆرێك کار لە هێمن دەکەن کە هەر زوو هەست بە پیری و نائومێدی و ڕەشبینی دەکات و نیشانە جەستەییەکانی پیری تێدا دەردەکەون و دەروونیشی تووشی دارمان دەبێت، وەك لەو نموونە شیعریەیدا دەردەکەوێت:

ژین بە یەخسیری و دیلی بێ کەڵکە

بـۆیــە لــەمێژە لــە ژینی خـۆم تێرم

گوزەران بـۆ من لەنـاو ئەو خەڵـکە

سـەختە، نـاخۆشە، چــۆن رابوێرم[21]

خەمی خەڵکی سپلە لەو ڕۆژگارەی کەشاعیری تێدا دەژیت و نغرۆ بوونی کەشتی ئاواتەکانی شاعیر وای لێدەکەن، لەناو ئازار و ژانەکان، پەنا بۆ مەی و مەیخانە ببات یاخود، دوای تەمەنێك خەباتی سیاسی و تێکۆشان لەڕێی ڕزگاریدا، بیر لە دڵداری و خەت و خاڵ و پەرچەم بکاتەوە. وەك دەڵێ:

(21) بارگەی یاران، سەرجەمی شیعری هێمن، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2006، ل109.

ئێستــە بــۆ چـاری خـەمم گۆشـەی مـەیخانەیـە جێم

من کە ڕۆژێك دەمەویست میللەتەکەم بێ خەم کەم

.......................................................

چـن نـەبـەم بـۆ مـەی و مـەیخانــەی پـەنــا تێگەیوم

لــەم وڵاتــە هـەمـوو شـت زۆر بـەنـی ئــادەم کـەم

پیرم و زورهانم و ئێستەش دڵەکەم هەر دەیەوێ

سەرو ماڵم بە فیدای خاڵ و خەت و پەرچەم کەم[22]

لە گۆشەگیردا، بە جۆرێك نائومێد دەبێت و ورە بەردەدات، بۆیە دەستەوەستان دەمێنێت و پێی وانییە چیتر بتوانێت لەم ژیانە بەردەوام بێت و هیوا براوی خۆی بە تەواوی دەردەخات، دواتر سەرەڕای هەموو نائومێدییەك لە خەمنامەکان بە ئاگا دێتەوەو لە بیرکردنەوەی ئەوە دایە کە سەرەڕای هەموو ئەو تاڵ و سوێریانەی ژیان، ئاخۆ دەکرێ سەردەمێکیتر ببینێت.

ئـەوەنـدە دەردەدار و بـێ پـەرستـارم کە پێموایە

لەسەر کەیکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر

گـەلێم ڕۆژگـاری تـاڵ و شیـرین ڕابـــوارد، ئـــاخۆ

مـــەرگ مـــەودا دەدا ببینــم ســـەردەمێـکی تــر؟![23]

شاعیر دوای ئەوەی ئاواتەخوازی بینینی سەردەمێکیترە یاخود بەشێوەیەکی دی تامەزرۆیە بزانێ ئاخۆ تەمەن هیچی بە بەرەوە ماوە، لە ناخی تەنیایی خۆیدا بیردەکاتەوە، دواتر بیرکردنەوەکانی

---

([22]) دیوانی هێمن، ل209 و 210.

([23]) بارگەی یاران، ل322.

دەبنە نەمامی شیعرێك كە تێیدا شاعیر پرسیاری ئەوە لە خۆی دەكات كە لە پاش ئازیزەكانی خۆی بۆچی دەبێ هێشتا بژیت، كە هیچ گڕو تین و هێز و توانایەكی لەبەردا نەماوە، هەروەكو دەڵێ:

بـارگـەیـان تێكەوە پێچـاوە بەڕێ بـوون یـاران

لـە دنـی وا بـەتـەنێ پـاشـی ئـەوان مـن چ بكـەم؟

ژینـی مـن ئێستـا وەكـو خۆری دەمی زەردەپەڕە

پێم نەما تین و گوڕ و هێز و توان من چ بكەم؟[24]

لە شیعری (بناری هەڵگورد)دا كە شاعیر لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا هۆنیویەتییەوە، لە وێنەیەكی بەرزی شیعریدا باس لە پیربوونی خۆی دەكات، بەشێوەیەك كە شاعیر خەونێكی دیوە كە لەو خەونەدا هێشتا لاو و بەرچاو بووە، بە گوڕ و خاوەن هێز بووە. وەك دەڵێت:

لــە خـــەودا هێشـتـا لاو بـــووم

هێشتا بە نموود و بەرچاو بووم

هێشـتـــا مــابـوو گـوڕ و هێـزم

هێشتـــا گـــەرم بـــوو ئـــامێـزم

هێشتا كـەنفت و پیـر نـەبـــووم

((لە پـاڵ جـوانـانـدا تێـر نەبووم))[25]

---

([24]) سەرچاوەی پێشوو، ل303.

([25]) بارگەی یاران، ل181 – 182.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

له درێژەی هەمان شیعردا کە شاعیر لە خەوەکە هەڵدەستێت و بە حاڵی خۆی پێدەکەنێ، کاتێك خۆی لە ماڵێکی چۆڵ و بێ ژندا، لە نێو نوێنێکی شڕ و چڵکندا دەبینێ، شەلاڵی ئارەق و پیر و بێ هێز و ماندووە. هەروەك لە شیعرەکەدا دیارە:

لـەپڕ لـــەو خـەوە راچــەنیــم
بـــە حـــاڵـی زارم پێــکـەنیـــم
لـــەنێـو مـاڵێکـی بــێ ژنـــدا
لـــەبـن لێـفـێـکـــی چڵـکـنـدا
لەسەر تەختێکی رەق و تەق
سـەرتـاپـام شـەلاڵی ئارەق
پـیـــر و کـەنفـــت و کـەلـەلا
هـــەموو لـەشـم هەلا هەلا[26]

دەربەدەری و سەختی ژیان، کورەی بیری هێمن پڕ جۆش تر دەکات، ئەم کڵپە و لێسەی کورەی بیری وا دەکات شاعیر، داهێنانکاری بکات و پیری و بێ هێزی خۆی، ئاوێتەی دڵدارێکی خەست و بێ خەوش بکات، بە شێوەیەك کە ئەم چەشنە شیعرە لە چەندین وێنەی پڕ واتا و پڕ بەها دووبارە دەبنەوە کە شاعیر پیری و خۆشەویستی بە یەکترییەوە دەلکێنێ و خوێنەر ناچار بە قووڵبوونەوە و هزرین دەکات. وەك لەم نموونانەدا:

بـە ریش بـۆزەوە سـوجـدە دەبـەم مـن بـۆ جەماڵی تۆ

(26) سەرچاوەی پێشوو، ل182.

ئەدی بۆچی دەیانگووت دار کە پیر بوو تازە دنایە؟[27]

لەم وێنە شیعریەدا، شاعیر لە وێنەیەکی جوانی شیعریدا، باس لە خۆشەویستییەکی هێدە بەهێز دەکات کە ئامادەیە سوجدە بۆ جەماڵی خۆشەویستەکەی بەرێ، بەڵام ئەوەی جوانی بەم شیعرە بەخشیوە بەکارهێنانی (داری پیرە) کە خوازەیە و شوێنی شاعیری گرتۆتەوە. ئەم شیعرەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پیری و بێ هێزی، لە توانایدا نەبووە ئارەزووەکانی شاعیر بکوژێت.

ئەگەرچی شاعیر گەلێك جار لەناو ژان و ئازار و دەربەدەرییەکانیدا، ئارەزووی دڵداری و ژیانی تیا کز و کاڵ بووەتەوە. هەروەك دەڵێ:

خـــەم و دەردی زەمانــە پیــری کــردم وشـك و بـــێ زەوقــم

کە شاعیر وشك و بێ شۆر بوو لەناو خەڵکی دەووی لاچێ[28]

بەڵام لە هەمانکاتدا، یادی چێژی سەردەمی لاوەتی و یادی دڵداری جاران، ئەو ئارەزووانەی تێدا ژیاندۆتەوەو ورەو گوڕ و هێزی خستۆتەوە بەر گیانی لاوازی. وەك لەم وێنەیەدا دەردەکەوێ:

بــە منــداڵی لــە لێوی ئــاڵی تــۆم ئەستاندووە ماچێ

بە پیریش لەززەتی ئەو ماچە شیرینەم لەبیر ناچێ[29]

یان لە وێنەیەکەی شیعری تردا، ئەوە بە ڕوونی ئاشکرا دەکات کە بزەی شیرینی سەر لێوەی کچان، چۆن ختۆکە دەخاتە گیانی و ناخ و هەستی دەبزێوێ.

بـــزەی شیـــرینـــی ســـەر لێـــوێ

---

(27) بارگەی یاران، ل120.

(28) سەرچاوەی پێشوو، ل121.

(29) سەرچاوەی پێشوو، ل121.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هــەســتــى پيــرانــەم دەبــزێــوێ

نــازى شــۆخێـكـى نـازەنيـــن

دەمبــاتــە بــەهــەشتــى بەرريــن

بــيـــرم لــەبـــەرم دەڕوێـــــن

کەچی کچم هەر خۆش دەوێن[30]

شاعير لە وێنەيەكى ترى شيعريدا، دان بە پيرى و دزێوەى خۆى دادەنێت، بەڵام بۆ پەردەپۆشى ئەو كەم و كورتى و پيرى و بێ هێزييەى، وشەى كوردى و زمانى كوردى بەكاردەهێنێت، بە شێوەيەك كە ئەو وشە كورديانەى كە شاعير لە شيعرەكانيدا بەكارى دەهێنێ، لە نازدارى و لەبار كيژان، شيرين تر و جوانتر و دڵگيرترن، ئەگەر خۆشى پير و دزێو بووبێت.

بـــەڵـــێ تـــۆ كيــژى، نازدارى، لەبارى

منيــش پيـــرێكـــى زورهـــان و دزێــوە

بــەڵام شيــرينتــرە لــەو شــەكرە لێوە

وشەى كوردى كە هەڵدەڕێژێ لە لێوم[31]

شاعير جوانى پەرەست و دڵتەڕ، لە شيعرى چاويلكەدا، داخ و حەسرەتەكانى دەخات رووى خەفەت لەوە دەخوات كە هەتا گەنج و توانا و بە بڕست بوو، چارشێو و پەچە و بەند، دژايەتيان كردووە و چاوى جوانيان لێ شاردۆتەوە، ئێستاش كە پير و بێ هێزە، چاوەكانى ئەوا تواناى جارانيان نەماوەو

[30] بارگەى ياران، ل219 – 220.

[31] ديوانى هێمن، ل240.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستی بە چاویلکەیە و چاویلکەش دزێوەی دەنوێنێت و چاوی جوانی لێ دەشێرێتەوە، هەمدیسانیش ناتوانێ بە جوانی لە چاوی جوان بڕوانێت و ببینێت.

هـەتا لاو بـووم چـاوی جـوانم لێ ون بوون

پەچە و رووبەند و چارشێوەم دوژمن بوون

ئێستـاش کـە پیـرم و کـەوتوومـەتە ئاویلکە

چـاوی جـوانم لـێ ون دەکـا چـاویلکـە[32]

بەڵام ئەو بێ هێزیە لەبەردەم شاعیردا نابێتە بەربەست لەوەی کە بیر لە جوانی نەکاتەوە یاخود ئازار و دەردەکانی بە ماچێك فەرامۆش نەکات، بەڵکو شاعیر دێتە سەر باسی ئەوەی کە تا دەمی مردن هەر خوازیاری بینینی چاوی جوانە و لەو حەسەرەتەدا ماوەتەوەو بەدوایدا وێڵە.

تـاوەکو سـاقی ئـەجەل نـەم داتێ تـاڵاوی نەمان

چاوە برکە، دەست بزێوەی ماچی شیرینم دەوێ[33]

هێمن لە شیعری (جێ ژوان)دا زۆر بە روونی باسی پیری و بێ هێزی خۆی دەکات و رۆژانی پیر و بێ هێزی خۆی لەگەڵ رۆژانی لاویێتیدا بەراورد دەکات و لەم بەراوردکردنەشدا، جگە لە حەسرەت و نائومێدی هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆی تری نییە. هەروەکو:

ئــەو پــەنجــەی وا لــە بێ هێزێ دەلەرزێ

کـوشیویــەتــی مــەمکۆڵــەی بـاڵا بــەرزێ

ئــەو ددانــەی ئێستــا نــەمــاوە تــاقی

---

([32]) دیوانی هێمن، ل303.

([33]) سەرچاوەی پێشوو، ل359.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گـەستویــەتــی زۆرجــار چــەنــەگەی ســاقی

.............................................

ئـــەو دڵــەی وا ژوانی دەویست و جـــوانـــی

ئێستــــــا پـــــڕە لـــە خــەم، لــە نیگـــەرانـــی

ئەو پێیانەی شەرزەی کردووە کۆتر و کەوان

مــانــدوو نــەبــوو قــەت لــە هــاتوچۆی ژوان(34)

ڕەشبینی و دڵتەنگی و بێ هێزی، خەم و خەفەت و دەرد و ئازار، شاعیر تووشی بارێکی دەروونی قورس دەکەن، شاعیر یاری دێرین و سەردەمی لاوێتی بەهۆیەك دەزانێ بۆ دڵخۆشی خۆی.

ژوانی بن سیلە و پەسیوی لاوەتی یادی بەخێز

بـۆ ئـەوەی پیرانـە نەمرم، یــادی دێرینم دەوێ(35)

شاعیر خۆش خوێن و جوانپەرەست لەکاتی دڵتەنگی و نائومێدیدا پەنای بۆ یادی ڕۆژانی ڕابردوو بردووە و بۆ ئەوەی کە هەروەکو لاو خۆی نیشان بدات و پیری و بێ هێزی و برەو کۆچی دوایی چوون، شاعیر تووشی بێ هیوایی و دڵتەنگی دەکات، هەربۆیەش یادی دێرین دەکاتە ئامراز و ڕێگایەك بۆ ئەوەی پیرانە نەمرێت بە دڵێك پڕ لە هیوا سەربنێتەوە نەوەك بێ هیوا و دەستەژنۆ چاوەڕێی مەرگ بکات.

پاش ئەو هەموو تاڵی و سوێری و دەربەدەری و ئاوارەییەی، هێمن لە ژیانی خۆی بە گومانە و ترسی نەبینینەوەی دۆست و ناسیاو و کەسەکانی بە شیعرەکانییەوە دیارەو هەروەها لەبەر پیری و کەلەلایی و هەندێك کێشەی سیاسی، ڕێگایەکی تر بۆ خزمەت بە ڕێبازی کوردایەتی خۆی

(34) دیوانی هێمن، ل373.

(35) سەرچاوەی پێشوو، ل329.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵدەبژێرێت کە هەم تێیدا وچانێکی دابێت و هەم خزمەتێکی فراوانتریشی بە ئەدەبی نەتەوەکەی کردبێت، هەروەك لە نووسراوێك بۆ برادەرێکی خۆی بەناوی مستەفا شەلماشی نووسیویەتی دەڵێت: ((بەداخەوە من زۆر درەنگ بەو ئاکامە گەیشتم کە گەل و نەتەوەکەم پێش ئەوەی نیازی بە چەك و شەڕ و خوێن ڕشتن هەبێ، پێویستی بە عەقڵی ناسینی خۆیەتی...))[36]، هەر بۆیەش هێمن بڕیاری یەکسەرەی خۆی دەدات و دوای تێپەڕکردنی تەمەنێکی زۆر لە شاخ و پێشمەرگایەتی و دووری و تامەزرۆیی ئازیزان و نیشتمانەکەی، گەڕایەوە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەك دەڵێت:

یــــــادی یــــــاران و وڵاتــم ڕۆژ و شــــــەو

لێی حەرام کردووم قەرار و خورد و خەو[37]

هەربۆیەش هێمنی ناسك خەیاڵ لەکاتێکدا کە پیری و بێ هیوایی رووخساری شێواندووە و چرچ و لۆچییەکی زۆری بە رووخسارەوە دیارە و چوونە تەمەن هیلاکی کردووە، ددان نەماون و شێوەی زۆر گۆڕاوە و تەنانەت ترسی ئەوەشی هەیە کە دۆست و خزم و هەڤاڵانی نەیناسنەوە، بۆیە بە شێنەیی دەپرسێت:

ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە

ئێستــا بمبینن ئـەرێ دەمناسنەوە؟[38]

هێمن زۆر تاڵ و سوێری ڕۆژگاری چێشتووە و هەرچی خۆشی ویستووە جێیهێشتووە و کوێرەوەری و نەبوونی زۆری بینیووە و وەك خۆشی دەڵێت، ناوی خۆشی تەنیا لە دەمی خەڵکی بەر گوێ کەوتووە و وەك گوتوویەتی: ((خۆشی دەڵێن هەیە بەڵام نەمدیوە))[39].

---

(36) خالید دلێر، هێمن و هەڵوێست و شیعر، چاپی یەکەم، 1993، ل3.
(37) مامۆستا هێمن، ناڵەی جودایی، ئامادەکردنی: وریا زراری، چاپی یەکەم، کوردستانی ئازاد، 2011، ل26.
(38) سەرچاوەی پێشوو، ل19.
(39) خالید دلێر، هێمن و هەڵوێست و شیعر، ل19.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەڕانەوەی هێمن لە شاخەوە بۆ شار و لە سەردەمی پیریدا، تەنیا بەرپاکردنی شۆڕشێکی ڕۆشنبیری بوو کە لە ڕاستیدا بلێسەی هەڵکرد و ڕێکەی شکاند، بەڵام مخابن زوو جوانەمەرگ بوو ئیتر ئەمانەتەکەی کە گۆڤاری سروە بوو بە هاوبیر و هاوکار و هاوخەباتانی خۆی ئەسپارد.

خەباتی هێمن لە گۆڤاری سروە و هەروەها بنکەی وەشانی سەلاحەدین ئەیوبی، خەباتێکی سەد قاد بەرزتر و بەنرخت بوو لە خەباتی شاخ و گرێکی ناوە کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی تریش هەر لە گەشانەوە دایە، ئەو تا کۆتایی ژیان و ئەو کاتەی کە چیتر نەیتوانی لە بەرانبەر بای ئەجەل خۆڕاگری بکات و دڵی پڕ لە ئەشق و ئازادی لەگەڕ وەستا لەم خەباتەی بەردەوام بوو و ئاکامی خەباتەکەی هەزاران ڕۆڵەی کوردە کە ئیمڕۆ بە کوردی دەخوێننەوەو دەنووسن و خەبات دەکەن.

**ئەنجامەکان**

1- هەستکردن بە پیری لەلای هێمن موکریانیدا لە ئەنجامی چەوسانەوەی میللەتەکەیەوە، بێبەش بوونی نەتەوەکەیەوە لە مافە ڕەواکانی ئەمە هۆکارێکی بەهێزە بۆ ئەوەی هێمن هەست بە دارمانی و پیری بکات ئاوات بۆ ڕۆژانی زوو بخوازێت.

2- لەنێو شیعرەکانی سەردەمی پیری هێمندا ژن دەورێکی باڵای هەیە، لە هەمانکاتدا خۆشەویستی نیشتمان وڵات باڵاتر دەبێت لە خۆشەویستی ژن، خۆشەویستی ژن لە خۆشەویستی نیشتمان دەبێتەوە، ژن بەشە و نیشتمان هەمووە.

3- سەروەت و ماڵی دنیا لای هێمن چەوسانەوە و ژێردەستی نەتەوەکەی لە یاد ناکات، ئەگەر خودا بەشێکی باشی دابێتێ، بەڵام حوکمڕانی وڵاتەکەی بەشی خوراوی کردووە هەم شاعیر هەمیش نەتەوەکەی.

4- لە ڕوانگەی پیرەوە، سیەری شیعرەکانی سەردەمی گەنجی هێمن موکریانی بەین دەبینین سەرکێشی نیشتمان و هەستکردن بە خۆشەویستی نیشتمان هیچ ڕەنگ و بۆیەکی تری لە دەقەکانی بەدی ناکەین.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- لە شیعرەکانی سەردەمی پیریدا هەست بەم بۆشایانە دەکات کە لە سەردەمی گەنجی ژیانی تەنها بۆ نیشتمان بەخت کردووە.

## سەرچاوەکان

1- بارگەی یاران، سەرجەمی شیعر هێمن، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2006.

2- برك، لۆرا ئای، دەروونزانی گەشە، یەحیا سەید محەمەدی، تاران، چاپخانەی ئەرەسباران، 1285، چاپی پێنجەم.

3- تاقمێك نووسەر، دەروونزانی پیری، نوردەددین رەحمانیان، تاران، چاپی ئاگاه، 1364، چاپی یەکەم.

4- خالید دلێر، هێمن و هەڵوێست و شیعر، چاپی یەکەم، 1993.

5- دەروونزانی بۆ ماوە، مەحموود مەنسور، چاپخانەی (سمت)، چاپی 3، 1381، ل266.

6- کاروانی خەیاڵ، خالید حیسامی (هێدی)، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، 1997.

7- کرین، ویلیام کریستۆفر، تیۆرییەکانی گەشە و واتا و بەکارهێنانیان، غولامڕەزا خۆیی نەژاد، و عەلی ڕەزا ڕەزایی، تاران، رشد، 1384، چاپی یەکەم.

8- مامۆستا هێمن موکریانی، دیوان هێمن، چاپی یەکەم، کوردستانی ئازاد، 2012.

9- مامۆستا هێمن، ناڵەی جودایی، ئامادەکردنی: وریا زراری، چاپی یەکەم، کوردستانی ئازاد، 2011.

10- هێمن نامە، د. عوسمان دەشتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2009.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ماڵپەڕ:

11- ماڵپەڕی خەندان، وەرگێڕان لە تورکییەوە هاوڕێ رەفیق، http://xendan.org/drejam.aspx
.

12- www.wikipedia.org (كردستان – جغرافياى كردستان).

13- عەبدوڵڵا عوسمان، ماڵپەڕی: www.drunnasy.org .

14- عرفان ترابخانى، استرس و علل ان، 1383، وب لاگ شخصي به نشانى:

http://nikkhooy.persianblog.ir .

15- ماڵپەڕی: http://mkurdan.com .

16- ماڵپەڕی: www.kawanatiyroz.com .

17- ئەحمەد حەمە جاف: http://halabjainfo.info/haff/eurutaman.html .

## سەرچاوەی عەرەبی:

18- سيكولوجية المسنين، جزء سادس، د. سعد رياض، مصر، 2006.

19- صور للنساء يتدمن في السن، توتي شيلدون، ت: عبدالجبار الاتروشي.

## سەرچاوەی فارسی:

20- لطيف ابادى، حسين، رانشانس رشد2، تهران، نشرى سمت، 1380، چاپى سوم.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( 3 ) – العدد ( 4 )، خريف 2018
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Feeling of aging in the poetry of Hemn Mokryany**

Elderly is a physiological pattern that is reformatting everyone if age ranged. Elderly is a physiological model which catches up after a long distance in deep range. however, the elder's feeling and feeling being older in the side of each Kurd or with the poets as a result of making a complicated life style and destitution that affects individuals and society, it made upon themselves as a forlorn hope. This standard will colours a literary text and tactile them.

This research will focus on a poem and poet Hemin Mokryany in different directions will be explained.

Our study for the first purpose :

it demonstrates (elderly notion, what is passing over elderly?, elderly age, physical signs of elderly, age sorrow as (The affects of elderly psychological over each one), elderly in the side of each Kurd.

The second purpose :

explains about the poet's youth period, Feeling elderly in the poem in the old era from the sides of the poets.

The approach that we used is (Historical approach ). Lastly, we get the results, resources and the summary in English and Arabic languages and being worked on.

**شعور بالشيخوخة فى شعر هيمن موكريانى**

كبار السن هو نمط فيزيولوجي يقوم بإصلاح الجميع إذا تراوح العمر. كبار السن هو نموذج الفسيولوجية التي تلتقط بعد طول المسافة في نطاق عميق. ومع ذلك ، فإن كبار السن الذين يقطنون ويشعرون بأنهم كبار السن في جانب كل كرد أو مع الشعراء نتيجة لجعل نمط الحياة المعقدة والعوز الذي يؤثر على الأفراد والمجتمع ، فقد جعل من أنفسهم أملاً بائسا. ستلون هذه المواصفة القياسية نصًا أدبيًا وتلمسه.

هذه السلسلة سوف تركز على القصيدة والشاعر هيمن موكرياني في اتجاهات مختلفة سيتم شرحها.

دراستنا .

فصل الأول :

أنه يدل على (فكرة المسنين ، ما يمر على كبار السن؟ ، سن الشيخوخة ، علامات جسدية المسنين, حزن العمر كما (يؤثر على كبار السن النفسية على كل واحد) ، والمسنين في جانب كل كرد.

فصل الثاني :

يشرح فترة شباب الشاعر. شعور كبار السن في القصائد في العصر القديم من جوانب الشعراء.

النهج الذي استخدمناه هو ( النهج التاريخى ). وأخيرًا ، نحصل على النتائج والموارد والملخص باللغتين الإنجليزية والعربية ويجري العمل عليه.